جوێن بە هاوەڵانم مەدەن، ئەگەر یەکێکتان هێندەی ئوحود ئاڵتون ببەخشێت؛ ئەوا ناگات بە هێندەی بەخشینی چنگێک یان نیو چنگی ئەوان

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جوێن بە هاوەڵانم مەدەن، ئەگەر یەکێکتان هێندەی ئوحود ئاڵتون ببەخشێت؛ ئەوا ناگات بە هێندەی بەخشینی چنگێک یان نیو چنگی ئەوان».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە جوێندان بە هاوەڵان، بەتایبەتی ئەوانەی زووتر کۆچیان کرد -لە موهاجیرەکان- وهەروەها پشتیوانان -ئەنساڕەکان-، وفەرمووی: ئەگەر کەسێك لە نێو خەڵکی هێندەی شاخی ئوحود ئاڵتون بکات بە خێر ئەوا ناگات بە پاداشتی چنگێك خواردن یان نیوەی لە بەخشینی ئەوان؛ ئەمیش بەهۆی زۆر دڵسۆزی وزۆر ڕاستگۆیی لە نیەتیاندا، هەروەها بەخشین وجەنگاوەرییان پێش فەتح وڕزگارکردنی مەکە بوو ؛ کە لەپێش ئەم کاتە زیاتر پێویست بوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11000